www.kurdistannet.org
12/05/2003 18:29

# کۆڕەکەی بەڕێز فازیل میرانی بە رەش و سپی

کامەران مەنتك/ هەولێر
kamaranmantik@yahoo.co.uk

ئێمە باوەڕمان بە دیموکراسیەت هەیە، ئێوە ئازادن لەوەی دەربیبڕن، کەس بۆی نیە لە کوردستانی ئازادا مافی را دەربڕین لە کەس زەوت بکات. حزبەکەی ئێمە لە هەموو حزبێك زیێتر باوەڕی بە دیموکراسیەت هەیە. دەتوانن هەموو شتێك دەربڕن، چیتان گەرەکە بەبێ ترس بیدرکێنن. رەخنە بگرن، کەس بۆی نیە بڵێ لە پشت چاوتانەوە دوو برۆ هەیە. بە تایبەتیش لە زانکۆ !!!! خۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانەی لە ریزەکانی ئێمەدان، شوکر بۆ خوا هەمووی کۆنە دڵسۆزو کۆنە پێشمەرگەن. بە دڵسۆزیەوە خزمەتی گەلەکەمانە دەکەن، کۆنە جاش و ئەنفالچیەکانمان پاکسازی کرد. خەڵکی پاك و دڵسۆز هەمووی (بالروح بالدم) مان بۆ دەڵێ ... بۆیە ئێمە بە گیانی دوای راپەڕین و پێشمەرگایەتیەوە مامەڵە دەکەین، بە هیچ شێوەیەك هەلس و کەوتەکانی بەعس دووبارە ناکەینەوە. زۆر هەڵەن ئەوانەی وا تێدەگەن ئەندامەکانی ئێمە زۆربەی جاش و کۆنە بەعسین و هەر بە هەمان ئەقڵیەت و بە هەمان گیانی بە عسیانە مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا دەکەن. ئەوە درۆو دەلەسەی ناحەزو رکابەرەکانمانە.
ئەگینا ئەندامەکانی ئێمە هەمووی بەشەرتی چەقۆن !!! رێگا بە خەڵك بدەن با قسە بکات،،،با ...با ... با ...!!!!!!!!
(بەلام بۆ ئەوەی دیموکراسیەکەمان لەکەدار نەبێت، بۆ ئەوەی هەر کەس بە ئارەزووی خۆی نەکاتە گەڕەلاوژەو بێ حورمەتی بەرامبەر بەرپرسەکان نەکات، باشتر وایە بە فلاّن کەس نەڵێن بێتە کۆڕەکە، ئەو قسان دەکا، جانم ... سەری خۆمان بۆ بیەشێنین، کوردایەتی چی... ئەهای ...با نەیە ن ئەو بەلاّیە سەر ئێشەمان بۆ دروست دەکات ...!!!!!!
باشتر وایە شێوازێکی تر بۆ دیموکراسیەت بدۆزینەوە. با هەر بڵێن وەکو بەعسیەکان رەفتار دەکەن، کورە مابەینی خۆمان بێت بەعسیەکانیش هەموو شتێکیان خراپ نەبوو ...بە راستی ئەوان ئەو خەڵکەیان باش دەناسی !!! با سوود لە ئەزموونەکەی ئەوان وەرگرین. بەخوا دیموکراسیەتەکەی ئەوان بە گوێرەی ئێمە هیچ زیانی نەبوو. چی تیایە، با ئێمەش سوود لە دیموکراسیەکەی ئەوان وەرگرین و لە کوردستانی ئازادا پەیڕەوی بکەین، چونکە بەراستی لە پەیڕەوکردنیدا تا ئێستا سەرکەوتنمان بە دەست هێناوە ...کورە دیموکراسیە، دیموکراسی، با ئێمە بە ئارەزوو بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی خۆمان پیادەی ئەو دیموکراسیەتەی کوردستانی ئازاد بکەین، دیموکراسیەتی هەزارەی سێیەم ...بۆیە ئەو برادەرە بانگهێشتی ئەو کۆڕە مەکەن، جانم تاقەتی سەر ئێشەمان نیە ...چی تیایە با لەو بابەتە لە روانگەی بەعسیەکانەوە سەیری دیموکراسیەت بکەین ...چی تیایە ...جانم خۆ بەعسیەکان هەموو شتێکیان خراپ نەبوو ...نە ؟؟؟؟؟؟؟؟؟!!!!!!!!!!١بانگهێشتی مەکەن، ئەو قسە دەکا، تاقەتی قسەکردنمان، سەری نەهێشای بۆ پەرشۆی لێببەستین...جانم !!!!

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.